# بورجی ئیڤڵ
# بورجێکی جوان و سەرنجڕاکێش

ئا: هیوا محەمەد

زۆربەمان ناوی بورجی (ئیڤڵ)مان بیستووەو وێنەکەیشمان بینیوە، بەڵام ڕەنگە کەم کەسمان لە نزیکەوە ئەم بورجەی بینیبێت، لە کاتێکدا کە ساڵانە (6) ملیۆن کەس دەچنە تەماشای.

سالی 1886 بۆ بەرززاگرتنی سەرکەوتنی فەرەنسا پیشبرکییەك بۆ دروستکردنی نەخشەیەکی بیناسازی سازدرا، لەو سەردەمەدا زۆریك لە هونەرمەندە بیناسازەکان بەشداریی ئەم پیشبرکییەیان کردو لە نیوان (700) نەخشەدا، نەخشەی هونەرمەندیك بە ناوی (گۆستاڤ ئیڤل)ەوە هەلبژیردرا.

هەلبەتە زۆرکەس دژی هەلبژاردنی ئەم نەخشەیە بوون، بەڵام سەرەنجام پەسەندکراو بریاردرا بورجی ئیڤل دروست بکریت. سالی 1887 دروستکردنی بورجەکە دەستی پیکردو ماوەی (2) ساڵو (2) مانگو (5) رۆژ دوای ئەوە واتە رۆژی 1889/3/31 کۆتایی بە دروستکردنی هاتو بەشەکانەوەی ئالای فەرەنسا بورجەکە کرایەوە.

بۆ دروستکردنی ئەم بورجە لەسەرەتادا بە چیمەنتۆ پایەی بۆ دروستکراوە تاکو بتوانێت قورسایی بورجەکە ڕابگرێت، دواتر لە پایەی ئاسنین دروستکراوەو سوود لە 18038 پارچە ئاسن وەرگیراوە کە بە دوو میلۆن و نیو مێخ بە یەکترییەوە بەستراون، لەبەرئەوە کێشی بورجەکە نزیکەی (7300) تەنەو ئەو فشارەی لەسەر هەر (1) سم چوار گۆشە هەیە (4) کیلۆگرامە، ئەویش بەرامبەرە بەو فشارەی کەسێك لەسەر کورسییەك دادەنیشێت و قورساییەکەی دەکەوێتە سەر کورسییەکە.



شایانی باسە لەو سەردەمەدا توانای دروستکردنی بینا وەك ئێستا نەبووە، لەبەرئەوە دروستکردنی ئەم بورجە رووبەڕووی زۆر کێشە بۆتەوە، ئەو کەسانەی کاریان تێداکردووە ناچاربوون چەند جارێك کارەکەیان ڕابگرن و ئەوەی کردوویانە هەلی بوەشیننەوەو سەرلەنوێ دروستی بکەنەوە، بەتایبەتی کیشەو هۆکارە سروشتییەکان کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی ئەم جۆرە کارانە هەبووە، بۆ نموونە کاتیك با بەتوندی هەلی بکردایە دەبووە هۆی جولاندنی ئەو بەشەی لە بورجەکەدا کاری تیداکرابوو، یان کاتیك کەشوهەوا زۆر سارد یاخود گەرم بووایە ئەو پارچە ئاسنانەی بۆ بورجەکە دادەنران گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات.

ئەم بورجە لە سێ نهۆم پیکهاتووەو بە هەر سێ نهۆمەکە نزیکەی 300 مەتر بەرزەو تاکو سالی 1930 بە بەرزترین شوین لە جیهاندا دادەنرا، ریگەی سەرکەوتنی بریتییە لە 1652 پلیکانە، هەروەها ئەسانسۆریك (مصعد) لەناویدا دورستکراوە بۆ ئاسانکردنی سەرکەوتن، کاتیکیش (ئانتین)یکیان لەسەر ئەم بورجە دانا بەرزیی بورجەکەی (20) مەتری‌تر زیاد کرد، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، ئەم (ئانتین)ە سوودی زۆری گەیاند، بۆ نموونە دەزگای رادیۆو تەلەفزیۆن بۆ باشتر پەخشکردنی بەرنامەکانیان سوودیان لیوەرگرت، هەروەها سەنتەرەکانی تەلەفۆنیش.

لە ناو ئەم بورجەدا چەند بەشیك هەیە کە گەشتیارەکان بۆ سەردان و سەیرکردنی دەچنە ناوی و کاتی خۆیانی پیبەسەردەبەن، لە هەمانکاتیشدا زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم بورجە دەزانن، لە نهۆمی یەکەمدا چیشتخانەیەك هەیە کە نرخی خواردنەکانی زۆر گرانە، لە نهۆمی دووەمدا فیلمیك نمایشدەکریت بورجەکەو تایبەتمەندییەکانی بە گەشتیارەکان دەناسینیت، هەروەها لەنیو ئەم بورجەدا (تەلیسکۆبیك) هەیە دەتوانریت لە ریگەیەوە هەموو بەشە جیاجیاکانی شاری پاریس سەیر بکریت.

سەرچاوە:

پاشکۆی (سیب) ژمارە 44